# له ناو شۆروشەوقی شادیەکی کرێکاریدا
# شورای کرێکارانی خزمەتگوزاری له دام ودەزگا تەندروستیکانی ناسریه، دامەزرا

سەرلەبەیانی ئەمرۆ یەکی کانونی دووەم 2006 ، 116 کرێکار کە نوێنەری کرێکارانی خزمەتگوزاری له دام ودەزگا تەندروستیەکان له ناسریه کۆبوونەوەیەکیان سازدا، بۆ هەڵبژاردنی شورایەك کە که نوێنەرایەتی بەرژەوەندیە واقعیەکانیان بکات و چاوەروانیەکانیان وەلام بداتەوەو داکۆکی له داواکاریەکانیان بکات ـ له سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ووتەی هەیئەتی ئامادەکاری شوراکە له لایەن کرێکار عبدالحکیم حسن خوێندرایەوە ، دواتر ووتەی نوێنەری ئەلشەترە و ئەلرەفاعی و سوق ئەلشیوخ خوێندرایەوە . دوا بەدوای ئەوە داوا له ئامادەبووان کرا بۆ خۆ کاندید کردن بۆ سەرۆکایەتی شوراکە و نوێنەران ناوەکانی خۆیان پێشکەش کرد ، هەڵبژاردن بەشێوەی ئاشکرا بەرێوە برا ، و ئەم ناوانەی خوارەوە دەنگیان هێنا :

1- عبد المجید محمد ــ سەرۆکی شورا
2- عبدالحکیم حسن ــ سکرتێری شورا
3- قاسم شیاع ــ بەرێوەبەرایەتین
4- علی جعفر علی ــ پەیوەندیەکان
5- سلام حسێن ناسر ــ مالیه
6- مهدی منعسر ــ کۆمیتەی سوق الشیوخ
7- جاسم محمد سیوان ــ کۆمیتەی سوق الشیوخ
8- حسێن جبار محسن ــ کۆمیتەی الشطرة
9- جازم سالم ناسر ــ کۆمیتەی الشطرة
10_حسن مکی سعدون ــ کۆمیتەی الرفاعی
11-جبار مزهر کازم ــ کۆمیتەی الرفاعی

**ئیحتیاتەکان**

1- سعد رەمەزان
2- علی ساحب سالح

دوای هەڵبژاردن قسەو باس لەسەر نەخشەی کاری شورا کرا ئەمەش ئاما نجەکانێتی:

1- شورا کار بۆ دامەزراندنی شورا کرێکاریەکان دەکات له گشت دام و دەزگا حکومیەکان و بەشە تایبەتەکاندا له پێناو دامەزراندی پەیوەندی و یەك خستنی ریزەکانی کرێکاراندا.
2- داواکردنی دانی موخەسەساتی توش بوون بە نەخۆشی و ختورە بۆ کرێکاران .
3- داواکردنی دانی موخەسەسات کرێکارانی شفتەکان و رەخساندنی هۆیەکانی گواستنەوە بۆیان له ماڵەوە بۆ سەر کارو گێرانەوەشیان بۆ ماڵەوە ، هەروەك وەزارەتی پیشەسازی و گواستنەوە و کارەبا و نەوت .
4- دیاری کردنی چێشتخانەیەك یان کافیتیریایەك بۆ کرێکاران و بەرێوە بردنی لەلایەن کرێکاران خۆیانەوە بە شێوەی هەرەوەزی .
5- دانی پارەی کاتی مورەخەسی کە له سایەی حکومەتی پێشو و ئەم حکومەتە تازەیەوە لێی بێ بەش بوون .
6- شورا مافی نوێنەرایەتی کرێکارانی هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان له بەرێوەبەریەکاندا و بۆ داکۆکی کردن له مافەکانیان لەبەرامبەر وەزارەت و دادگا دا ، حەقی راگەیاندنی ئیعتسام و مانگرتنی هەیە له ناو دام و دەزگاکان و دەرەوەیدا.

**بژی یەکگرتووی چینی کرێکار !**

**بژی سۆشیالیزم**

**عبد الحکیم حسن**

**سکرتێری شورا**

2006-2-2